# مێژووی ڕۆژنامەنووسی
# جیهانی و عەرەبی

## ڕەفیق سالح

چەمکی ڕۆژنامەنووسی (press) لە بنەڕەتدا لاتینییە، پێشتر گشت چاپکراوەکانی، وەك: (کتێب و ڕیکلام و پۆستەرو گۆڤارو ڕۆژنامەو نامیلکە)ی دەگرتەوە، بەڵام ئەم چەمکە لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسیدا، مەوداکانی بەرتەسك بووەوەو تەنها بۆ گۆڤارو ڕۆژنامە بەکارهێنرا.

مێژوونووسان بیروڕای جیاجیایان سەبارەت بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی لە جیهاندا هەیە: هەندێك پێیان وایە یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا ڕۆژنامەی "کین پان"بووە، کە لە ساڵی911 پ.ز لە"پەکین"ی پایتەختی وڵاتی چین دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵی ڕەسمی حکوومەت بووە.

بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن، یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا لە ساڵی 958 پ.ز لە ئەوروپا، لەلایەن "یۆلیۆس قەیسەر"ی ئیمپراتۆری ڕۆماوە دەرکراوە، بە ناوی (Acta durina)*ەوە پڕیارەکانی حکوومەت و کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پیران و هەواڵی جەنگ و دادگایی کردنەکان و هەواڵە کۆمەڵایەتییەکانی بڵاو دەکردەوەو لەسەر دەرگای ماڵان لە شاری ڕۆما هەڵدەواسرا، تا خەڵك بیخوێنێتەوە.

ئەم ڕۆژنامەیە، لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما وەستاوەو بڵاوکراوەیەکی دیکە بە ناوی (نامەی هەواڵ) جێگەی گرتەوە کە بە درێژایی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپاو تا سەدەکانی (14،15،16) لە شاری ڤیەننا بەردەوام بووە، تایبەتیش بوو بە بڵاوکردنەوەی هەواڵە بازرگانیەکان و هەواڵی وڵاتانی ئەوروپا.

بۆچوونێکی دیکەش هەیە دەڵێت: "مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بە توندی بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە بەستراوە. بۆیە مێژووی ڕۆژنامەنووسیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی مرۆڤ بە شوێن کەرەستەی زارەکی و نووسراودا دەگەڕا".

بەڵام پێمان وایە هەر سێ بۆچوونەکە سەبارەت بە سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی هەڵەیە، چونکە مێژووی پەیدابوون و ناوەڕۆك و ڕۆڵ و ئاراستەی ڕۆژنامەنووسیی، بەستراوە بە سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی چینی بۆرژوازی، کە لە سەدەی پانزەیەمەوە جێگەی چینی دەرەبەگی گرتەوە. بەو واتایەی کە ڕۆژنامەنووسیی بەرهەمی بۆرژوازیەو، ئەم چینەش لە ململانێ ئابووریی و کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژییەکانی لەگەڵ چینی دەرەبەگدا، ڕۆژنامەنووسیی وەك چەکێکی کاریگەر بەکارهێناوە.

ئەوروپا، لە کۆتایی چاخەکانی ناوەڕاستدا، گەشەسەندنێکی پیشەییو بازرگانی بەخۆوەبینی کە بووە هۆی سەرهەڵدانی چینێکی نوێی پیشەوەرو بازرگانن. ئەم

چینە نەیدەتوانی ئەرکی مێژوویی خۆی بە تەواوی ئەنجام بدات، کە خۆی لە دۆزینەوەی هێزی بەرهەمهێنانی نوێ و سەپاندنی شێوازی نوێی بەرهەمهێناندا، دەبینییەوە، تا کۆسپی سەرەکی بەردەم ئەو پەرەسەندنە تێك نەشکێنێت، ئەو کۆسپەش بریتی بوو لە سنوورو ڕووبەری دەرەبەگایەتی، هەروەها ئەو ئەرکە ئەنجام نەئەدرا ئەگەر بازاڕە ناوخۆییە بچووکەکان لەناو نەبرانایە، بە تەواوی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیش بەتەواوی بنبڕ نەکرایە کە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی سروشتی دامەزرابوو. بەم شێوەیە ململانێ لە نێوان بۆرژوا لەلایەك و دەزگاکانی دەوڵەت و کڵێساکانی کاسۆلیکی لەلایەکی دیکە، دروست بوو.

ئەم ململانێیە بە تەنیا لە یەك بواردا نەهاتە کایەوە، بەڵکو ململانێیەکی ئابوورییو کۆمەڵایەتییو سیاسیی و فیکری بوو. بۆرژواکان بەردەوام بوون لەسەر فراوانکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیان لە ژیانی ئابووریدا.

## چۆن کاری پیشەسازی گەشەی کرد؟

هەڵمەتەکانی تاڵانی دەرەبەگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و جەنگە ئاینییەکان و دۆزینەوەی جوگرافی بووەتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و کارابوونی پیشەو چالاکی نوێ، کە پێشتر نەبوون، هەروەها بووە هۆی دەرکەوتنی جۆرە جیاجیاکانی بازرگانی.

دەرەبەگەکان خاوەنی زەوی و زاری خۆیان و خاوەنی جووتیار بوون، بەو شێوەیە دەژیان، بەڵام ئەم چینە نوێیەی پیشەوەران خاوەنی زەوی نەبوون، بەڵکو بە هێزو بازووی خۆیان دەژیان، لەبری ئاڵوگۆڕی سروشتی کاڵاو شمەك پەیدا بوو، دواتریش لە پەیوەندی نێوان کەلوپەل و کاڵا، دراو (عملە) هاتە ئاراوە.

گشت ئەو دەرکەوتە نوێیانە لە شارەکاندا پەیدابوون، بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا کە بوونە ناوەندی بازرگانی. لەو کۆمەڵگا مرۆییانەدا ڕۆژنامەی دەوری دەرچوو، واتە ئەو ڕۆژنامانە لە قەڵای پادشا یان شازادەو کڵێساکان و دێرو کۆشکی دەرەبەگەکاندا دەرنەچووە.

لەگەڵ گۆڕانی شێوازەکانی بەرهەمهێنان چەندین گۆڕانکاریش لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕوویداو ئایدۆلۆژیایەکی بۆرژوازی نوێ هاتە ئاراوە، کە خاوەنی تێڕوانینێکی نوێ بوو بۆ ژیان و کۆمەڵگە، لە دژی دەرەبەگ و کڵێساکانی کاسۆلیکی کاریان دەکردو دروشمی مرۆڤایەتیشیان بەرز کردەوە.

هەر لەم سەروبەندەدا ئەدەب و هونەرو فەیلەسوفی مەزن پەیدا بوون، کە ڕێبەرایەتی بزوتنەوەکانی ڕزگاری نیشتمانیان دەکرد لە نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەیەمدا، هەروەها جوڵانەوەیەکی بەهێزی ڕیفۆرم و داهێنان و دۆزینەوەی نوێ، سەری هەڵدا. داهێنانی هونەری چاپ، بووە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و گرنگ و شێوازێکی کاریگەر بۆ چاپی نوێ.

لە ساڵی 1436دا "یۆهانس گۆتەنبرگ"، لە شاری ماینزی ئەڵمانیا، بۆ یەکەم جار چاپی داهێنا، ئەم داهێنانە نوێیە، بە گشت ئەوروپادا بڵاو بووەوە، بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەب و زانست و هونەرو فکرو هەواڵ و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی و بیرورا گۆڕینەوە. هەڵبەت ئەم داهێنانەش بە بێ کاغەز نابێت. چینییەکان لە سەدەی هەشتەمی زایینەوە کاغەزیان دروست کردووە، پاشان عەرەبەکان نهێنی چۆنێتی دروستکردنی کاغەزیان لە چینیەکان وەرگرت، دواتریش لە سەدەی دوازدەهەمدا، لە کاتی شەڕی خاچ پەرستەکاندا، ئیسپانییەکان چۆنێتی دروستکردنی کاغەزیان لە عەرەب وەرگرت.

لە ساڵی 1276یشدا ئیتاڵییەکان، فێری دروستکردنی کاغەز بوون، پاشان لە ساڵی 1389 لە شاری "نۆرمبێرگ"ی ئەڵمانیا، "ئۆلمان شترۆنەر"، یەکەم ئاشی دروستکردنی کاغەز دروستکرد، لە سەدەی چواردەیەمدا، چەندین ئاشی دیکەی دروستکردنی کاغەز دامەزرا تا لە ساڵی 1459، یەکەم کارگەی دروستکردنی کاغەز دامەزرا.

## سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە

### ئەڵمانیا:

زیادبوونی بەرهەمی پیشەیی، بە تایبەت لە دوای جەنگی خاچ پەرستەکان و گەشەسەندنی بازرگانی نێودەوڵەتیو تێپەڕبوونی ڕێگاکانی بازرگانی بە ئەڵمانیادا، بووە هۆی دروست بوون و فراوان بوونی دەسەڵات و هێزی چینی بۆرژوازی، لە شارەکانی کۆڵون و فرانکفۆرت و هامبۆرگ و شارەکانی دیکەدا. نووسینگەکانی ناردنی هەواڵ دروست بوو و پەرەی سەند.

ئەڵمانیا بە هۆی پێگەی جوگرافی کەوتۆتە ناوراستی ئەوروپاوە، بازرگانی تیایدا گەشەیەکی زۆری کرد، شاری کۆڵون، هەمیشە پەیوەندی هەبووە بە هۆڵەنداو بریتانیاوەو شاری "فرانکفۆرت" یش کەوتۆتە نێوان ڕێگای بازرگانی گشتی، هەروەك شارەکانی دیکەی وەك هامبۆرگ پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ وڵاتانی ئەسکەندنافیادا هەبووە.

یەکەم جار لە شاری (ئۆکسمبێرگ)، ژوورێکی بازرگانی دروست بوو بە ناوی (فۆگێر). چەندین لقی بازرگانی لە سەرتاسەری ئەوروپادا هەبوو. کاری فۆگێر، بریتی بوو لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هەواڵ و دابەشکردنی بەسەر لقەکانی خۆیدا، تا ڕەوانەی ناوچە جیاجیاکانی ئەوروپای بکات. هەواڵی بازرگانی جێگەو بایەخێکی تایبەتی هەبوو لە کۆشکی میرو پادشاکاندا، بەتایبەتی ئەو هەواڵانەی تایبەت بوون بە دۆزینەوەی جوگرافیی و جەنگیی دژی تورکە عوسمانییەکان و هەواڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

ئەو کەسانەی لە دەرکردن و نووسینی ئەو ڕۆژنامانەو کۆکردنەوەی هەواڵەکانیدا بەشداربوون، کەسانێکی پەیوەندیدار بوون کە هەواڵیان دەگواستەوە لەبەرانبەر دەسکەوتێکی دارایی باشدا.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی شانزەدا "ئیریمیا کۆسێر"، یەکەم نووسینگەی پۆستی لە شاری ئۆکسمبێرگ دامەزراند کە پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ خانەی فۆگێر.

دواتر هەواڵ بە مانای کۆکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکدا، بووە یەکێك لە بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان. واتە وەك کاڵایەك کۆکردنەوەو دابەشکردنی دەسکەوت و داهاتێکی بەرچاوی بەدەست دەهێنا. بەڵام دابەشکردنی هەواڵ بە شێوەیەکی باشترو کاریگەرتر پێویستی بە دامەزراندنی تۆڕێکی پۆستی باشتر هەبوو، بۆیە لە سەردەمی "قەیسەر ماکسیمیلیان"ی یەکەم (1493-1519)، یەکەم تۆڕی پۆست لە ئەڵمانیا دامەزرا، ئینجا پەیامنێر دروست بوو، کە بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو بە ئەسپ هەر هەشت ڕۆژ جارێك هەواڵی جیاجیاو پۆستیان ئەگواستەوە. ڕۆژنامەکان لەو سەردەمەدا پێیان دەوترا "ئۆردێنێری تیستۆنگ"، واتە ڕۆژنامەی پەیامنێران و لە سەر یەك لاپەڕەش چاپ دەکران. ئەو ڕۆژنامانە ناوونیشانی جیاجیایان هەبوو، دیارترینیان: ترسناك، سەرسوورهێن، سەیر، ڕاستی، راستگۆ .. هتد بوو.

لە کۆتایی سەدەی پانزەدا، سەرەتاکانی پرۆسەی ڕیفۆرم سەری هەڵداو چینی بۆرژوازیش لە نێوان جەماوەری خەڵکدا، دەستی بەبڵاوکردنەوەی دروشم و پرنسیپی بۆرژوازی کرد کە تیایاندا داوای دەکرد لە دژی ڕەوشت ورەفتاری دەرەبەگ کاربکەن و بانگەشەیان بۆ یەکێتی نەتەوەیی و زیادکردنی ئازادی تاکەکەس دەکرد، ئەوەش لە ساڵی1517 لەسەر کاغەزی بچووك چاپ و بڵاو دەکرایەوە. هاوکات "تۆماس میونتیزەر" ژمارەیەك ڕۆژنامەی دەرکردو تیایاندا داوای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە چەوساندنەوەی دەکرد. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە گوزارشتی لە کۆمەڵێك بنەما دەکرد وەك پێویستە کۆمەڵ نەچەوسێنرێتەوە، چینایەتی کۆمەڵ و خاوەندارێتی تاکەکەس نەمێنێت، دەسەڵاتی دەوڵەت لاببرێت. بەڵام لە دوای شکست هێنانی ڕاپەڕین و شەڕی جوتیاران، ڕۆژنامەنووسیی کەوتە دەست سازشکاران و تەنیا تایبەتیش بوو بە هەواڵەکانی دەرەوە و هەوڵەکانی هوشیارکردنەوەی خەڵك. ڕێگە نەئەدرا هەواڵەکانی ناوخۆ بڵاوبکرێتەوە.

پاش نیوەی دووەمی سەدەی (شازدەیەم، ڕۆژنامەیەك پەیدابوو، بە ناوی (پەیوەندی Relation) کە لە ستراسبۆرگ، لەلایەن "یۆهان کارلۆس"ەوە هەفتانە دەرئەکراو تەنیا یەك لاپەڕە بوو. پاشان ڕۆژنامەی میس پەیدابوو، کە تەنیا لە بۆنەکاندا دەردەچوو. لە ساڵی (1609)یش لە فولفنیویل، ڕۆژنامەی کەشتی هەواڵ، لەلایەن یەعقوب لۆنسیوس دەرکرا.

ئەم دوو ڕۆژنامەیە بە یەکەم ڕۆژنامەی دەوری دادەنرێن لە ئەڵمانیاداو هەفتانە دەردەچون و هەردووکیان لە ساڵی (1609) دا پەیدا بوون، کە ئەوەش ساڵی دروست بوون و لەدایکبوونی ڕۆژنامەنووسییە لە جیهاندا.

**بەریتانیا:**

مێژووی یەکەم چاپکراوە دەورییەکان لە بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1477). لە ساڵی 1481دا یەکەم چاپخانە لە لەندەن دامەزرا، بەڵام پەرەسەندن و گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی لە بریتانیا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە:

1. دەرکەوتنی کاغەزو بڵاوکراوەی چاپکراو کە یەك وێنەی لێ دەردەکراو هەواڵی ناوخۆو دەرەوەی لە خۆ دەگرت و لەژێر چاودێری میرو دەرەبەگەکاندا بوو.

2. لە ساڵی 1586دا، مەرسومێکی پادشایی دەرچوو، کە ژمارەی خاوەندارێتی چاپی دیاری کردو تەنیا ڕێگەی دەدا بە بڵاوکراوەو کاغەزی چاپکراو لە لەندەن و ئۆکسفۆردو کامبرج دەربچێت، هەرچەندە ئەو ڕێوشوێنە تووندە کۆسپی زۆری خستە بەردەم دەرکەوتنی ڕۆژنامەی دەوری، بەڵام نەیتوانی بە تەواوی پەکی بخات و ڕێگەی لێ بگریت.

3. لە ساڵی 1620دا "جۆرج ویزلەر"، چەند ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی لە هۆڵەندا چاپکردو بە نهێنی دەیگواستەوە بۆ بەریتانیا، لە ساڵی 1621یش دا ئەو ڕۆژنامانە ناونران (نامەی هەواڵ ) Letter News).

4. لە ساڵی 1622دا هەریەك لە :ناتانێل پیتەرو نیکۆلا بیرکش، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیان دەرکرد بە ناوی Week News، ئەمەش بە یەکەم ڕۆژنامەی هەفتانە دادەنرێت لەو وڵاتەدا.

لە سەدەی هەژدەدا چینی بۆرژوازی ئینگلیزی چەندین ئاراستەو تێڕوانینی جیاجیای تێدا سەرهەڵدا وەك حزبی پارێزگاران و حزبی لیبراڵ . لەبەر نەبوونی سانسۆر لە کاری راگەیاندندا ڕۆژنامەنووسیی گەشەی کرد، زەمینەش خۆش بوو بۆ دەرکردنی چەندین ڕۆژنامە لە بەریتانیادا. ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لە مێژووی جیهاندا ڕۆژنامەی ڕۆژانەی "دەیلی گراند" دەرچوو، واتە "رەوتی ئەمڕۆ". ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارەی لە ساڵی (1702)دا لە لەندەن دەرچوو و تا ساڵی (1735) بەردەوام بوو. لە ساڵی 1702 دانیال دیفۆ، ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی:

(France of affairs the of review weekly) (ڕاپۆرتی هەفتانەی کاروباری فەرەنسی)، ئەم ڕۆژنامەیە، دوو ساڵ بەردەوام دەرچوون.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی لەو سەردەمەدا ئەوەیە، کە بایەخی زیاتر بە هەواڵ داوە، بەڵام "ویکلی ریفیو"، رەخنە و بۆچوونی خۆی لەسەر رەوتی هەواڵەکان بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی 1709 ریچارد ستیل، ڕۆژنامەیەکی دەرکرد، بە ناوی (talker) قسەبێژ، لە ساڵی (1711) بە هاوکاری لەگەڵ "ئەدیسون" ڕۆژنامەی (سباکتاتۆر– چاودێر) .

هنری فیڵدینگ، ڕۆژنامەی (Patriot True) (نیشتمانی راستەقینە) ی دەرکرد، چەندین کەسی دیکەش ڕۆژنامەی دیکەیان دەرکرد، وەك (لەندەن جۆرناڵ). ئەم ڕۆژنامەیە دەستی بەسەر بازاری کتێب گرتوو، باشترین ڕۆژنامەش بوو کە داکۆکی لە بورژواز دەکرد.

بۆ یەکەم جار لە مێژوی ڕۆژنامەنووسی بەریتانیادا (دانیال دیڤیو)، پاشکۆیەکی تایبەتی بە ڕۆژنامەکەی دەرکرد بە ناوی (ئاپرووبەر-فچائح) کە دەتوانرێت بە یەکەم پاشکۆ لە مێژووی رۆژنامەنووسیی جیهان دابنرێ کە زۆر گاڵتە جاڕیانەو بێ ڕەحمانە هێرشی دەکردە سەر چەمك و بەهاو نەریتی دەرەبەگایەتی.

دواتر ئەدیسون ستیل و سیبیت، پاشکۆیەکی تایبەتیان دەرکردو کەوتنە مشتومڕو ململانێ لەگەڵ پاشکۆکەی پێشودا. ساڵی 1731 ڕۆژنامەی جنتلمان ماگازین، دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر داکوکی لە پیشەوەران و چینی بورژوازی بچووك دەکرد.

**فەرەنسا:**

پاش تێپەر بوونی بیست ساڵ بەسەر دۆزینەوەی چاپ لەلایەن (گۆتنبرگ) لە ساڵی (1470) یەکەم چاپخانە لە پاریس دامەزراو پاشان چاپخانە بە گشت فەرەنسادا بڵاوبووەوە.

بەهۆی زیادبوونی تووندوتیژی و ململانێی نێوان کاسۆلیك و پروتستانت و خواستی پادشا بۆ دەسەڵاتی ڕەها، لە چلەکانی سەدەی شازدەدا بڵاوکردنەوەی کاغەزی چاپکراوی بچووك و بڵاوکراوە چاپکراوە نهێنییەکان پەرەی سەند، پاشان کاسۆلیکەکان بە شێوەیەکی ڕەها دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و چاودێریەکی توندیان خستە سەر ڕۆژنامەکان، وەك سزای لە سێدارەدان بەسەر هەر کەسێك کە ڕۆژنامە یان بڵاوکراوەی چاپکراو دەربکات. ئەمەش هۆیەکی بەهێز بوو بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی نهێنی.

دەرکەوتن و گەشەسەندن و زۆربوونی هێزو کاریگەری ڕۆژنامەکان، دەسەڵاتی پادشاییان ناچارکرد، دەرك بە گرنگی و تواناى وتەی نووسراو بکات.

لە مانگی ئایاری ساڵی 1631 دا پزیشکی ناوداری فەرەنسی "نیو خراست ربنودو" بە موڵەتی حکوومەت، لەسەر پێشنیار، پشتگیری کاردینال رۆشیلو، ڕۆژنامەیەکی وەرزی دەرکرد بە ناوی (گازێت) . ئەم ڕۆژنامەیە فەرمان و بڕیارو یاساکانی پادشاو وتاری زانستی و هەواڵ و بابەتی سادەی بڵاودەکردەوە و بۆ ماوەی 130 ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام لە ساڵی (1762) ناوی ڕۆژنامەکە گورا بۆ (گازێت دوفرانس) واتە (ڕۆژنامەی فەرەنسا). ئەم ڕۆژنامەیە بە شێوەیەکی کارا بەشداری لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشەنبیری ومەعریفە لە نێو جەماوەری خەڵکدا کرد، بەمەبەستی چەسپاندنی چەمکەکانی بۆرژوازی.

گرنگی دان بە ئەدەب و تاکە کەسیی، یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی فەرەنسی، بەر لە دەرچوونی ڕۆژنامەی گازێتو، "کاسپوڤان هیلْتن"، ڕۆژنامەیەکی بە زمانی فەرەنسی لە "ئەمستردام" ی هۆڵەندا دەرکرد، بە ناوی (پۆستی ئیتالیاو ئەڵمانیاو قبرس) دەگەیشتە فەرەنسا، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

**<u>وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:</u>**

لە ساڵی (1638)دا کۆلیژی هارڤارد، دوو ساڵ دوای دامەزراندنی، چاپخانەیەکی لە بەریتانیاوە هێنایە ئەمریکا. لە سەرەتادا ڕۆژنامەکان لە بەریتانیاوە ڕەوانەی ئەمریکا دەکران، چونکە بەپێی یاسایەك کە پادشا "جیمس" دەریکردبوو قەدەغەبوو ڕۆژنامە لە کوڵونیاڵەکانی بەریتانیا، لە ئەمریکا دەربکرێت.

لە ساڵی (1665)دا ڕۆژنامەی (لەندەن گازێت)، تەنیا ڕۆژنامە بوو کە بە ڕەسمی ڕێگەی پێ دەدرا بچێتە ئەمریکاوە. بە هۆی بوونی خەڵکی بەریتانی لە ئەمریکادا، ئەم ڕۆژنامەیە ڕەواجێکی گەورەی پەیداکرد، بەو پێیەی تاکە هۆکارە کە هەواڵی نیشتمانی دایکی بەو کەسانە دەگەیاند.

خاوەنی یانە و قاوەخانەکانیش چەندین بڵاوکراوەی هەواڵیان دەردەکرد، کە بە (ڕۆژنامەی دیوار) ناسرابوو، پاشان قۆناغێکی دیکە بەسەر ڕۆژنامەنووسیی ئەمریکادا هات، کە ئەویش سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ڕۆژنامەکانی بریتانیا بوو. لەم بوارەشدا (ساموێل گریین) لە ساڵی (1686)، ڕۆڵی گەورەی گێڕاو ڕۆژنامەی "لەندەن گازێت"ی چاپکردەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆلۆنیالی بریتانیا لە ویلایەتی ماشاشوستس ڕێگەیان دا کە چەندین ڕاپۆرتە هەواڵی ڕەسمی دەربچێت، بەڵام ئەو بڵاوکراوانە خاوەنی زنجیرەو ناونیشانێکی نەگۆڕو هەمیشەیی نەبوون، لە یەك لاپەڕەدا بڵاودەکرانەوە، تەنیا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پروپاگەندانە بوو کە لە دژی دەسەڵاتدارانی ویلایەتەکە ڕادەگەیەنران. یەکێك لەو ڕۆژنامانەش ناوی (The Present of The New English Affairs) بوو.

لە 25 ی ئەیلوولی 1690 دا بینیامین هاریس کە دوورخراوەیەکی سیاسی بوو، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژنامەی (public occurrences) ( ڕووداوە گشتییەکانی ناوخۆو دەرەوە) ی دەرکرد، بەڵام لە دوای چوار ڕۆژ ڕۆژنامەکە داخرا، بە بیانوی نەبوونی مۆڵەتی ڕەسمی. ڕۆژنامەنووسی ئەمریکا بە پێچەوانەی ئەوروپا، هەر لە سەرەتادا شێوازێکی بازرگانی لەخۆگرت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەندین هەنگاوی گەورەو گرنگی ناوە.

## ڕۆژنامەنووسی لە سەدەی هەژدەدا

**<u>بەریتانیا:</u>**

لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا چەندین ئاراستەی سیاسی جیاجیای بۆرژوازی ئینگلیزیی سەری هەڵدا، چەند حزبێکی وەك حزبی لیبراڵی و پارتی پارێزگاران دەرکەوتن. بە هۆی نەبوونی هیچ جۆرە سانسۆرێکیش زەمینەیەکی لەبار بۆ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە بەریتانیاو جیهاندا رەخسا کە ئەویش ڕۆژنامەی (دەیلی گرانت) بوو، کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی(1702)، لە لەندەن دەرچوو، تا ساڵی (1735) بەردەوام بوو .

لە ساڵی (1704) دا( دانیاڵ دیفۆ)، ڕۆژنامەی ( ویکلی ڕیفیو ئۆف ژە ئەفایرز ئۆف فرانس) ی دەرکرد واتە (ڕاپۆرتی هەفتانەی کاروباری فەرەنسا)، ئەم ڕۆژنامەیە ماوەی دووساڵ بەردەوام بوو، هەرچەندە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە سروشتێکی بازرگانیان هەبوو، بەڵام ڕۆژنامەکەی دیفیۆ بە ڕوونی سیمایەکی تێکۆشان و شۆڕشگێری پێوە دیار بوو، بەو پێیەی کە هەواڵەکانی کۆدەکردەوەو بە شێوەیەك ڕێکی دەخست کە گۆشەنیگاو بیروڕای خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکان دەخستەڕوو و ڕەخنەی لە گشت بوارە جیاجیاکانی ژیان دەگرت .

لە ساڵی (1709) ڕیچارد ستیل، ڕۆژنامەی (تۆکەر) (قسەبێژ)ی دەرکرد، ساڵی (1711) بە هاوکاری ئەدیسۆن، ڕۆژنامەی (سباکتاتۆر) (چاودێر) یان دەرکرد، پاشان (هێنری فیلّدینگ) ڕۆژنامەی (ترو پاتریۆت) واتە (نیشتمانی ڕاستەقینە) ی دەرکرد، دواتریش ڕۆژنامەی (لەندەن جۆرناڵ) دەرکرا، کە کۆنترۆڵی بازاڕی کتێب و بڵاوکردنەوەی کردو بووە گەورەترین داکۆکیکار لە بەرژەوەندییەکانی بۆرژواکان.

بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی بریتانیادا (دیفۆ)، پاشکۆیەکی بۆ ڕۆژنامەکەی دەرکرد، بە ناوی (یانەی ئاپڕووبردن) کە تیایدا بە توندی و بێ ڕەحمانە هێرشی دەکردەسەر ئاکارو نەریتەکانی دەرەبەگایەتی. لە دوای پاشکۆکەی دیفۆ، ئەدیسۆن ستیل و سویفت، پاشکۆی تایبەت بە ڕۆژنامەکەیان دەرکردو دیالۆگ و مشتومڕێکی فراوانیان لەگەڵ دیفۆ، دەست پێکرد.

لە ساڵی (1731) ڕۆژنامەی (جێنتڵمان ماگازین) دامەزرا، کە گوزارشتی لە بەرژەوەندی پیشەوەرو بۆرژوا بچووکەکان دەکرد. لە ساڵی (1769) ڕۆژنامەی (مۆرنینگ کرۆنیکل) دەرچوو تا ساڵی (1862) وەك پرۆژەیەکی بازرگانی لە پێناوی قازانجدا بەردەوام بوو، لە ساڵی (1772) ڕۆژنامەی (مۆرنینگ پۆست) دەرچوو، پاشان لەگەڵ ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف) یەکخرا، کە تا ئێستاش لە دەرچوون بەردەوامە. لە ساڵی (1785) ڕۆژنامەی (تایمز) دەرچوو.

ڕۆژنامەکانی بریتانیا ئەو پرانسیپانەیان گرتەبەر کە ڕۆژنامەنووسیی مۆدێرن پەیرەوی دەکات و بریتیە لە پەیداکردنی خوێنەری نوێ، زیادکردنی بڵاوکردنەوە، واتە زیادکردنی وەرگرتنی ڕیکلامە بازرگانییەکان بەو پێیەی کە سەرچاوەی سەرەکی داهات و قازانجە.

**ئەڵمانیا:**

پاش دەرچونی ڕۆژنامە دەورییەکان لە ئەڵمانیا، ئەو ڕۆژنامانە بە شێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ دەستیان کرد بە بە گۆرینی ناوەڕۆك وێرای ترسی زۆریان، بەڵام بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان دەکرد، هۆکاری ئەم وریاییەش ناکۆکی و جەنگە ئایینییەکان بوو.

لە ساڵی ( 1649) دا (تیمۆتیس ڕایتش) توانی ڕۆژنامەیەك دەربکات و لە ساڵی (1660)یشدا دا پرۆژەکەی فراوانتر کردو ڕۆژنامەکەی (6) جار لە هەفتەیەکدا دەردەکرد بە ناوی (هەواڵە نوێیەکان سەبارەت بە جەنگ و ڕوداوە جیهانییەکان) .

ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە بوو لە ئەوروپاو جیهاندا، بەڵام دواتر (رایتش) ئیمتیازەکەی لێ سەنرایەوەو ڕۆژنامەکەش گرنگی خۆی لە دەست دا وەك بڵندگۆ و مینبەرێکی سیاسی بۆرژوازی و ژمارەی بەشدارانی کەم بووەوە تا بە تەواوی لەناو چوو .

لە کۆتایی سەدەی هەڤدەمدا چەندین گۆڤاری زانستی دەرکەوت کە ڕۆڵی گرنگیان لە ڕەتکردنەوەو هێرشکردنە سەر فکری دەرەبەگایەتی گێڕا، ئەو سەردەمە بە سەردەمی زێڕینی گۆڤارەکان دادەنرێت.

لە ساڵی (1682) دا لە شاری (لایبیزیگ ) یەکەم گۆڤار دەرچوو بە ناوی (ئەکتا ئەیرۆ دیترۆم) کە بۆ ماوەی سەدەیەکی تەواو بەردەوام بوو، لە ساڵی (1668) دا (کریستیان تۆمازیۆس) کە مامۆستایەکی زانکۆ بوو لە شاری (لایبیزیگ) گۆڤاری (دایالۆگی مانگانە) ی دەرکرد بە زمانی ئەڵمانی، بەڵام لە دوای دەرچوونی تەنیا (3) ژمارە، گۆڤارەکە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی پیاوماقوڵان و میری دەرەبەگەکان بوەوە و لە ئەنجام دا (تۆمازیۆس) کۆچی کرد بۆ (هالە) .

لە سەرەتای سەدەی (17) وە گۆڤارەکان بە شێوەیەکی نوێ دەردەچون کە چارەسەری کێشەکانی تایبەت بە ڕەوشت و بانگەشەیان بۆ پشتگیری کردنی ئاکار و نەریتەکانی بۆرژوازی دەکرد، یەکەم گۆڤار لە ساڵی (1713) دا لە شاری هامبۆرگ دەرچوو بە ناوی (دێرفیر نۆفتلیر) بوو، تا ساڵی 1760، ژمارەی گۆڤارەکان گەیشتە زیاتر لە 100 گۆڤار کە چەند گۆڤارێکی تایبەت بە ژنانیشی تیادا بوو. لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی (18)دا گۆڤارە ئەدەبیەکان دەرکەوتن و لەم بوارەدا پرۆفیسۆر (گۆکشید) و دواتر (لیسینگ) ڕۆڵێکی گەورەیان لە پێشخستنی ئەو گۆڤارانەدا گێڕا.

لە ساڵی (1773) ئەو بایەخە گۆرا بۆ دەرکردنی گۆڤاری سیاسی ئەدەبی و (کریستۆف مارتن ڤیلاند)، لە ساڵی 1773 دا گۆڤاری (دۆچەر مێرکۆری) دەرکرد، کە تا ساڵی (1810) بەردەوام بوو و تایبەت بوو بە چارەسەرکردن و وروژاندنی مەسەلە سیاسییەکانی وەك شۆرشی فەرەنساو ئەو مەسەلانەی ئەو شۆرشەی هێنایە کایەوە.

پاش ئەوەی گۆڤارە ئەدەبییەکان پەیامی کۆمەڵایەتی خۆیان گەیاند، ئەو گۆڤارانە پەیدا بون کە سروشتێکی سیاسی دیار و ئاشکرایان هەبو وەك گۆڤاری (دویچە خرۆنیکا) (هەواڵی ئەڵمانیا) کەلە نێوان ساڵانی 1774-1777، لەلایەن (ك.ف.د. شوبارت)، بەڵام بە هۆی بۆچوونە بوێرییەکانی سەبارەت بە دامەزراندنی ڕایخ (واتە ئەنجومەنی نوێنەران (شوبارت )ی بۆ ماوەی دە ساڵ حوکم درا .

**فەرەنسا:**

لە سەدەی حەڤدەدا، کڵێسای کاسۆلیکی و ڕژێمی پادشایی، کە دەسەڵاتێکی ڕەها بوون، دەستیان بەسەر گشت وڵاتدا گرت، گشت ڕۆژنامەکانیان خستەژێر چاودێری حکوومەتەوەو سزای لە سێدارەدانیان دەرکرد بۆ هەر کەسێك کە بەبێ چاودێری حکوومەت هەر بڵاوکراوەیەك دەربکات، بەڵام سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنە توندوتیژانە، بڵاوبونەوەی هوشیاری شۆڕشگێڕییو ڕۆشنبیرییو مەعریفەو چەمکە نوێیەکان لەبارەی زانست و هونەرو ئەدەب و فەلسەفە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش زیادبوونی ڕۆڵی چینی بۆرژوازی لە ژیانی ئابووریدا بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین ڕۆژنامەی سیاسییو فیکری کە بە شێوەیەکی نایاساییو نهێنی دەردەچوون و ژمارەیان لە پەنجاکانی سەدەی حەڤدەدا گەیشتە 6000 ڕۆژنامە.

شانبەشانی ڕۆژنامەی (گازێت لۆندۆ) کە تا ساڵی (1789) بەردەوام بوو، ژمارەیەك ڕۆژنامەو گۆڤاری هەفتانە دەرچوون، ئەویش لە ڕێی جۆرێك لە سازشکردن و ڕێککەوتنی نێوان کۆشکی پادشاییو چینی بۆرژوازییەوە دەردەکران، بەڵام لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتی کاردینالەکاندا بوو، لەو سەروبەندەدا (دانی دی سالۆ) یەکەم گۆڤاری ئەدەبی، بە ناوی (جۆرناڵ دی ساڤان) واتە (ڕۆژنامەی خوێندەواران) دەرکرد.

هاوکات یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە ساڵی (1787) بە ناوی (جۆرناڵ دی باری) دەرچوو واتە (ڕۆژنامەی پاریس) کە لە گشت ناوچەکانی ئەوروپادا بڵاودەکرایەوەو پەیامەکانی هەواڵی لەخۆدەگرت، لەسەر هەمان شێوازی ڕۆژنامەی پاریس لە هەرێمەکانی دیکەدا، چەندین ڕۆژنامە بە ناوی ئەو شوێنانەوە دەردەچوون وەك (جۆرناڵ دی هاڤر) و چەندانی دیکە.

پاشان لە ساڵی (1868) لە پاریس، یەکەم ڕۆژنامەی تایبەت بە (جلوبەرگ) دەرچوو، لەوانە (نووسینگەی جلوبەرگ) کە لە ساڵی (1879)دا دەرچوو، چەندین وێنەی جوان و سەرنج ڕاکێشی تیادابوو. پاش شۆڕشی فەرەنسا ئەو ڕۆژنامە سیاسیانە دەرکەوتن کە پێشتر بە شێوەیەکی نهێنیو لە تاراوگە دەردەچوون، بە تایبەت لە هۆڵەندا کە فەرەنسییە دوورخراوەکانی تیادا نیشتەجێ ببوون، بەڵام ئەو ڕۆژنامانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی (چالاکییە گشتییەکان) ی (هاریس) دا، ڕۆژنامە هەڵواسراوەکانی سەر دیواری قاوەخانەو گازینۆکان کە بە دەست دەنووسران و نامەی هەواڵەکانیش News Letter بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کرد، یەکێك لە بەناوبانگترین ئەو کەسانەی کە لەنامەکانی هەواڵدا کاریان دەکرد، بەڕێوبەری پۆستەی بۆستن بوو، گشت نامەکانی پۆست، دەگەیشتە بەڕێوبەری پۆستەو ئەویش پاش کردنەوەو خوێندنەوەی گشت نامەکان ئاگاداری هەواڵی سەرجەم ناوچەکانی وڵات دەبوو، لە ڕێی ئەو نامانەوە نامەکانی هەواڵی ئامادە دەکرد، بە تایبەت ئەو هەواڵانەی پەیوەندیان بە سیاسەتەوە نەبوو. بەو پێیەی سەنتەری پۆستە قەدەغە نەبوو، (کامبل) بڕیاریدا بازنەو ژمارەی بەشداران و، خوێنەرانی بڵاوکراوەو نامەکانی هەواڵ زیاد بکات تا لە (24ی نیسانی 1704)دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی دەرکرد بە ناوی (بۆستن نیوز لێتەرز) واتە (نامەی هەواڵەکانی بۆستن) و بۆ ماوەی 72 ساڵ بەردەوام بوو، ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرەتادا 250 ژمارەی بە چوار لاپەڕە دەردەچوو، دوو لاپەڕەیان بەتاڵ بوو، تا خوێنەران بتوانن هەواڵی دیکەی لەسەر بنووسن و بۆ کەسانی نزیکی خۆیانیان بنێرن لە ناوچەکانی دیکە. کامبل، دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیەی بە پرۆژەیەکی بازرگانی دادەنا بۆ دەسکەوت و قازانج، بۆیە لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەدا بانگەشەی بۆ بڵاوکردنەوەی گشت جۆرە ڕیکلام و ئاگادارییەکی تایبەت بە فرۆشتنی زەوی و خانوو یان کۆمپانیاو کەشتیو شتی دیکە، بەرامبەر کرێیەکی کەم.

ناوەندەکانی پۆست لە شارەکانی دیکەشدا هەمان ڕێچکەی (کامبل)یان گرتەبەر لە داڕشتنی (نامەکانی هەواڵ) و بڵاوکردنەوەی لەلایەن ئەو پەیامنێرانەی کە بە کرێ کاریان دەکرد. ڕۆژنامەی (بۆستن نیوز لێتەرز) تاکە ڕۆژنامە بوو کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بە ڕێکوپێکی دەرئەچوو. لە ساڵی (1719) دا یەکەم ڕۆژنامەی ڕکابەر بۆ ڕۆژنامەکەی کامبل دەرچوو، کە ئەویش ڕۆژنامەی (بۆستن گازێت) بوو، کە لەلایەن (ویلیام برۆکەر) ەوە دەردەچوو، جێگەی "کامبل"ی گرتەوە لە بەڕێوەبردنی پۆستەدا. بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی لەلایەن بەڕێوبەری پۆستەکانەوە دەردەکران، بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە سیاسەت، هیچ خزمەتێکیان بە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی بۆرژوازی ئەمریکا نەکرد، بۆیە بە هۆی ڕووداوە سیاسیو زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەوروپاو تێکەڵبوونی نووسەرانی ئینگلیز لە کاری ڕۆژنامەنووسی، پێویستییەکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی بابەت و وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەنووسیدا هاتە کایەوە.

بنیامین فرانکلین ڕۆژنامەی (بۆستن گازێت)ی دەرکرد لە چاپخانەی (جایمس)دا کە ئەویش لەلای خۆیەوە لە ساڵی 1721دا ڕۆژنامەی (بۆستن گارانت) ی دەرکردو دواتر بوو بە (نیو ئینگلاند گارانت) کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی زمانحاڵی بۆرژوای

بچووك بوو، چەندین کەسایەتی سیاسی ئەمریکا کاریان تێدا دەکرد. ئەم ڕۆژنامەیە ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی بەڕێوەبەری کۆلۆنیالی ئینگلیز کرد لە ئەمریکا، بە تایبەت سەبارەت بە گوێنەدانە چەتەکانی کەناری خۆرهەڵاتی وڵات، بۆیە (جایمس) دەستگیرکراو، خرایە زیندانەوەو ڕێگەی پێ نەدرا، ڕۆژنامەکەی دەربکات. بەڵام دواتر براکەی (بینیامین فرانکلین) وەك سەرنووسەری (نیو ئینگلاند گارانت) جێی گرتەوە.

پاش ڕێککەوتن لەگەڵ براکەیدا، "بینیامین فرانکلین" ڕووی کردە فیلادلفیاو پاشان لەندەن تا شارەزای شێوازە نوێکانی ڕۆژنامەنووسی بریتانیا ببێت و دواتر گەڕایەوە فیلادلفیاو لە ساڵی 1729دا ڕۆژنامەی"پێنسلڤانیا گازێت"ی کڕی کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە دۆزینەوەی سیماو سروشتی تایبەتی بۆرژوازی ئەمریکاو ڕۆژنامەنوسیی و لە ساڵی 1741یشدا گۆڤاری "جۆرناڵ ماگازین"ی دەرکرد. لە ساڵی 1733 دا (جۆن پیتەر تسینگەر) ڕۆژنامەی (نیویۆرك ویکلی جۆرناڵ)ی بە چاپ گەیاند، بەڵام بە هۆی ڕەخنە گرتن لە ئیستعماری بریتانی و شێوازی بەڕێوەبردن دەستگیرکراو خرایە زیندانەوە.

لە ماوەی ساڵانی جەنگی سەربەخۆیی کە لە (19 نیسانی1775)دا دەستی پێکرد چەند ڕۆژنامەیەکی نوێ دەرچوو کە پشتگیری خەباتیان دەکرد لە پێناوی سەربەخۆییدا، لەوانە ماساتشوتیس سبای کە لە ساڵی1770 لە بۆستن دەرچوو.

زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی لەو ماوەیەدا دەرچوون، هەفتانە بوون یان لە هەفتەیەکدا دوو جار دەدەچون و سروشتێکی حزبییان هەبوو، لایەنگری بەرەی شۆرشگێڕان بوون، پاش سەربەخۆیی ئەمریکاو لە ساڵی 1787دا دەستووری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەرچوو کە دانی نا بە سەربەخۆییو ئازادی پیشەیی ڕۆژنامەنوسیی و پێویستی ئازادکردنی لە گشت چاودێری و سانسۆرێك، بەمەش ڕۆژنامەنووسیی پێشکەوتنێکی گەورەو قازانجێکی زۆری بەدەست هێنا، کە بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ هەموو گەشەکردنەکان.

## ڕۆژنامەنووسی لە سەدەی نۆزدەدا

پەرەسەندن و گەشەسەندنی گەورەی ئابووری و شۆرشی پیشەسازی لە خۆرئاواو ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، لە نێوانیاندا ئازادی ڕادەربڕین، لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە، هۆکارێکی گەورە بوو بۆ سەر پەرەپێدان و پێشخستنی هونەری ڕۆژنامەنووسی، بەڵام ئەو ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕینە لە سەرەتادا بووە هۆی خولقاندنی پەشێوی بە جۆرێك کە هەرکەس توانایەکی نووسینی هەبووایە، هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی دەداو تیایدا بە خواستی خۆی وشەی ناشایستەو ناڕەواو ناشرینی ئاراستە دەکرد. لە ماوەی دە ساڵی دوای شۆڕشی گەورەی ئەم وڵاتە لە (1789– 1800) نزیکەی 1350، ڕۆژنامەی نوێ کەوتە بازاڕەوە.

کاتێك ناپلیۆن، دەسەڵاتی گرتەدەست سنوورێکی بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی داناو ئەیوت پێویستە حاکم واتە دەسەڵاتدار ڕۆژنامەنووسی بخاتە خزمەتی خۆیەوە، بۆیە ئیتر نووسین و بڵاوکردنەوە بەبێ مۆڵەت قەدەغە کراو، تەنیا یەك ڕۆژنامە مایەوە کە ئەویش "لۆمینۆر" بوو، کە لە خزمەتی دەسەڵاتداو ناپلیۆن بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ڕۆژنامە بیانییەکان شتی تیادا دەنووسی.

پاش گەڕانەوەی پادشایەتی، ڕۆژنامەنووسی کەمێك ئازادی دەستەبەر کردو چەند کەسایەتییەکی وەك "شاتوبریان، کۆلارد، لامارتین"و چەندین کەسی دیکە، هاتنە بواری ڕۆژنامەنووسییەوە. بەڵام ئەم ئازادییە زۆری نەخایاند.

لە سەدەی نۆزدەدا، ڕۆژنامەنووسی پێشکەوتن و گەشەسەندنێکی بێ وێنەی بە خۆوە بینی، لە ساڵی1845 دا. "ڕۆژنامەی ئیبۆك" لە پاریس دەرچووەو تایبەت بوو بە باسکردن و چارەسەرکردنی مەسەلە یاساییەکان. لە ساڵی 1829 گۆڤاری العالمین و پاریس، دەرچوون کە تایبەت بوون بە توێژینەوەی ئەدەبی.

بەڵام لە ئینگلتەرا ژمارەی ڕۆژنامە چاپکراوەکان زیادی کردو لە نۆ ملیۆن و نیو ساڵی 1760دا بوو بە بیست وچوار ملیۆن ساڵی1811، ژمارەی خوێنەرانیش لە ساڵی (1820) گەیشتە بیست و نۆ ملیۆن کەس.

ساڵی 1803 دامەزرێنەری "تایمز" کە (جۆن واڵتەر) بوو، شێوازێکی نوێی داهێنا بۆ دەسکەوتنی هەواڵ، ئەویش لە ڕێی دامەزراندن و کارپێکردنی ژمارەیەك پەیامنێری تایبەتەوە لە دەرەوەی وڵات، بەمەش تێچووی داڕشتن و چاپکردنی ڕۆژنامە زۆر زیادی کردودەزگاو دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان پێویستییان بە سەرمایەکی گەورە هەبوو کە لەو کاتەدا دەگەیشتە یەك ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی.

ڕۆژنامەنووسی بەریتانیا لە دەست پێکردنی شۆڕشی فەرەنساو جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکاوە ڕووبەڕووی سەرکوتکردنێکی گەورە بووە. "ماکۆلی" بە یەکەم کەس دادەنرێت کە لە ساڵی (1828)دا زاراوەی "دەسەڵاتی چوارەم"ی بە ڕۆژنامەنووسی بەخشی.

لە دوای ساڵی 1840 ەوە ئەوروپای ناوەڕاست جۆرێك لە ئازادبوون و بەئاگاهاتنەوەی بەخۆوەدی و بەناوبانگترین ڕۆژنامە کە لەو کاتەدا دەرکەوت ڕۆژنامەی "رایتینگ زایتۆنگ" بوو، لە کۆڵۆنیا دەردەچوو، (کارل مارکس) بەشداری کرد لە دەرکردن و چاپکردنی ئەم ڕۆژنامەیەداو بووە یەکێك لە ناوە پرشنگدارەکانی ڕۆژنامەنووسان.

ڕۆژنامەنووسی لە سەردەمی "نیکۆلای دووەم" ی قەیسەری ڕوسیادا بەوە دەناسرێت کە ڕووبەڕووی توندترین شێوازی سەرکوتکردن بۆتەوە، بە جۆرێك نووسینگەکانی چاودێری لەو سەردەمەدا گەیشتە بیست و دوو نووسینگە.

بەڵام ڕۆژنامەنووسی یۆنانی بە پێچەوانەی ڕوسیاو نەمساو ئیتاڵیاوە زیاتر ئازادی بە خۆوە بینی. هاوکات لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ڕۆژنامەنووسیی پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی لە ڕووی هونەریی و بە باشی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و ژمارەی ڕۆژنامەکانیش لەو وڵاتەدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. لە ساڵی 1800دا ژمارەی ڕۆژنامەکان لە ئەمریکادا گەیشتە 200 ڕۆژنامەو 17 ڕۆژنامەی ڕۆژانە. لە ساڵی 1857 ئەو ژمارەیە گەیشتە 4000 ڕۆژنامە. ئەم پێشکەوتنەی ڕۆژنامەنووسیی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی چاپ و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە بواری چاپکردندا.

## ڕۆژنامەنووسیی لە سەدەی بیستدا

لە سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەنووسی بە هۆی ئەو ئازادییەی بۆی ڕەخسا، گەشەو پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆوە بینی، بەڵام لە ماوەی جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهاندا، ڕووبەڕووی سانسۆرو چاودێری بووەوەو وەك ئامرازێکی پروپاگەندەو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکان بەکارهێنرا.

بەڵام لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو جەنگانە ڕۆژنامەنووسی ژیایەوەو گەشەی کردو لە ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات، وەك فەرەنساو بریتانیا، پاوانخوازی گەورە لە نێو ڕۆژنامەکاندا دەرکەوت بۆ نموونە لە ئەمریکا "ویلیام راندۆلف هێرست" (خانەی ڕۆژنامەنووسیی هێرست) ی دامەزراند، کە دە بڵاوکردنەوەی وەرزی بەڕێوە ئەبردو کۆنترۆڵی پەنجا بڵاوکراوەی دیکەی کردبوو.

لە ماوەی سست بوونی ئابووری جیهاندا لە ساڵی 1929، تێچووی ڕۆژنامەنوسیی زیادی کردو لە بەرامبەردا داهاتیش کەم بووەوەو لە هەریەك لە ڕوسیاو ئەڵمانیاو ئیتاڵیا، دەسەڵاتی دیکتاتۆری تیایاندا جڵەوی گرتەدەست و ئەو دەسەڵاتانە ئازادی ڕۆژنامەنووسییان نەهێشت و تەنیا ئەو ڕۆژنامانە مانەوە کە زمانحاڵی حزبی دەسەڵاتداربوون.

بە پێی ئاماری ڕێکخراوی یونسکۆی ساڵی 1959، ژمارەی ڕۆژنامەکان لە جیهاندا گەیشتووەتە 300 هەزار ڕۆژنامەو لەو ساڵەدا هەشت هەزار ڕۆژنامەیان ڕۆژانەیەو بە سەرجەمیان 200 ملیۆن تیراژیان دەرکردوە. سێ یەکی ڕۆژنامەکانی جیهان کە دەگاتە 1800 ڕۆژنامە، لە ئەمریکای باکوور دەردەچێت و سێ یەکی دیکەی لە ئەوروپاو پاشماوەکەی لە گشت ناوچەکانی دیکەی جیهان دەردەچێت.

## مێژووی رۆژنامەنووسی عەرەبی

ناپلیون لە لەشکرکێشیەکەیدا بۆ سەر وڵاتی میصر (1798-1801)، کۆمەڵێ زاناو پسپۆری بواری جیاجیای لەگەڵ خۆی بردبوو، جگە لە دەزگایەکی چاپ بەپیتەکانی عەرەبی، لاتینی، یۆنانی. کۆڕی زانیاری میصریی و کتێبخانەیەك و دوو قوتابخانەی فەرەنسی بۆ مناڵە فەرەنسییەکان دامەزراند. دوو ڕۆژنامەی فەرەنسی بەناوی

"پۆستی میصر" Le courier d`Egypt و"العشريه المصريه" La Decade Egyptienne و ڕۆژنامەیەكیی عەرەبی بە سەرپەرشتی فۆرییەو بەهاوكاری نووسەری ناسراوی میصر "ئیسماعیل ئیبن سەعد ئەلخشاب" دەركرد. ئەم ڕۆژنامەیە فەرمان و هەواڵەكانی میصری بڵاودەكردەوە، بەردەوام بوو لەدەرچوون تا فەرەنسییەكان میصریان بەجێهێشت.

پاش دەرچوونی فەرەنسییەكان، محەممەد عەلی پاشا ساڵی 1805 بوو بەوالی میصر. ساڵی 1827 ڕۆژنامەیەكی نیومانگانەی بەناوی جۆرنال خدێوی كە ساڵی 1828 ناوەكەی گۆڕا بە (الوقائع المصرية) دەركرد، وەك زمانحاڵی حكوومەت. ڕۆژنامەی ناوبراو تا سەردەمی حوكمی خدێوی ئیسماعیل پاشا بەنارێكوپێكی و، سەرەتا بە توركیی دواتر بە توركی و عەرەبی، ئینجا تەنیا بە عەرەبی دەردەچوو. نووسەرە بەناوبانگەكانی ئەم ڕۆژنامەیە "رفاعه ئەلگهگاوی، حەسەن ئەلعەگار، شێخ شەهاب ئەددین، ئەحمەد فارس ئەلشدیاق و چەندانی تر بوون.

سێیەم ڕۆژنامەی عەرەبی ڕۆژنامەی (المبشر)ی جەزائرییە كە لەلایەن فەرەنسیەكان ساڵی 1847 بە فەرمانی لوی فیلیپ پاشای فەرەنسا، بە قەوارەی بچووك و سێ لاپەرەی 4 ستوونی، هەر نیو مانگ جارێك دەرئەچوو.

رەزاق ئەڵڵا حەسون ئەلچەلەبی منشئ، یەكەم عەرەبە بە ناوی (مرئە الاحوال) لە ئەستەنبولی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی 1855 بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك ڕۆژنامەی دەركردبێ. هەواڵەكانی جەنگی قرەمی نێوان رووس و عوسمانییەكان و سوریاو لبنان و رەخنە ئامێزی دژ بە فەرمانڕەوانی عوسمانییەكان بڵاو دەكردەوە.

یەكەم ڕۆژنامەی عەرەبی لە بێروت لەسەرەتای كانوونی دووەمی 1858 بە ناوی (حديقة الاخبار) لەلایەن خەلیل ئەلخوری دەرچووە. لە هەمان ساڵدا رەشید دەحداح لە پاریس ڕۆژنامەیەكی نیو مانگی بە ناوی (برجس باريس) دەركردووە.

ساڵی 1860 ئەحمەد فارس شدیاق، رۆژنامەیەكی هەفتانەی عەرەبی بە ناوی (الجوائب) دەركرد كە تا ساڵی 1883 بەردەوام بوو لە دەرچوون. لە هەمان ساڵدا بگرس بوستانی ڕۆژنامەیەكی قەوارە بچووكی دوو لاپەڕەیی بە ناوی (نفير سوريا) بۆ تووندوتۆڵكردنی پەیوەندی نێوان ئایین و ئاینزا و نەتەوە جیاجیاكانی وڵاتی شام دەركرد.

ساڵی 1861 لەلایەن بای تونس (محەممەد صادق پاشا)، ڕۆژنامەیەكی رەسمی، بە ناوی (الرائد التونسی) بەسەرپەرشتی ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (منصور كرلتی) دەرچوو. ناوبراو ساڵی 1858 لە مەرسیلیا بۆ ماوەی ساڵێك ڕۆژنامەی (عگارد)ی دەركرد. كەپاش داگیركردنی تونس لەلایەن فەرەنسییەكانەوە بوو بە نیوهەفتانەو بەشێكی فەرەنسی خرایەسەر.

ساڵی 1865 لە قاهیرە بە زمانی عەرەبی لەلایەن محەمەد عەلی ئەلحەکیم و ئیبراهیم دەسوقی یەکەم گۆڤاری عەرەبی بە ناوی (یعسوب الطب) دەرچوو. لەهەمان ساڵدا لە شاری دیمەشق ڕۆژنامەیەکی هەفتانە لەلایەن راشد پاشای والی بە ناوی (سوریا) بە چوار لاپەڕەو بەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکی دەرچوو، کە ئەمیش محەممەد عەلی کوردی و عەبدوڵڵا ئەبو ئەلسعود بەشدارییان لە دەرکردنی دەکرد.

ساڵی 1866 عەبدوڵڵا ئەبو ئەلسعوود، گۆڤارێکی زانسی نیو هەفتانەی بە ناوی (وادی النیل) لە میصر دەرکرد کە تا مردنی خاوەنەکەی لە ساڵی 1878 بەردەوام بوو لە دەرچوون. ساڵی 1867 والی حەلەب جەودەت پاشا ڕۆژنامەی (الفرات)ی بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی و دواتر ئەرمەنی دەرکرد. لە هەمان ساڵدا داود پاشا لە جەبەل لوبنان بۆ خزمەتی حکوومەت بە هەردوو زمانی عەرەبی فەرەنسی ڕۆژنامەی (لبنان)ی دەرکرد. ساڵی 1869 مەدحەت پاشای والی بەغداد وەك زمانحالی حکوومەت ڕۆژنامەی (الزوراء)ی بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی کە تاساڵی 1918 بەردەوام بوو دەرکرد.

سەرچاوە:

- تأريخ الصحافة في العالم, د. ئۆرۆدۆن، ترجمة: أديب خضور.
- الصحافة العربية نشأتها وتطورها, أديب مروة، دار المكتبة الحياة، بيروت 1961.